# کردەوە چاک وخراپەکانی ئومەتەکەمم پێنیشاندرا، بینیم لابردنی شتی ئازاردەر لەسەر ڕێگا لە کردەوە چاکەکانە، وبینیم فڕێدانی بەڵغەم لە نێو مزگەوتدا بێ ئەوەی بشاردرێتەوە لە کردەوە خراپەکانە

لە ئەبی زەرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «کردەوە چاک وخراپەکانی ئومەتەکەمم پێنیشاندرا، بینیم لابردنی شتی ئازاردەر لەسەر ڕێگا لە کردەوە چاکەکانە، وبینیم فڕێدانی بەڵغەم لە نێو مزگەوتدا بێ ئەوەی بشاردرێتەوە لە کردەوە خراپەکانە».
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

خوای گەورە کردەوەکانی ئەم ئومەتەی نیشاندا بە پێغەمبەرمان -صلى الله عليه وسلم-، وئەویش بینی لە کردەوە چاک وباشەکان: لابردنی شتی ئازاردەر لەسەر ڕێگاوبانەکان کە دەبێتە هۆی زیان وئازار بۆ سەر خەڵکی، ولە کردەوە خراپەکان: فڕێدانی بەڵغەمە لە نێو مزگەوتدا بێ ئەوەی بشاردرێتەوە بە لە چاڵنان یان شاردنەوەی بە هەرشێوەیەکی تر.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4813

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee